www.kurdistannet.org
14-10-2006 9:37بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# زانكۆی سلێمانی یان مەڵبەندی ڕێكخستنی سلێمانی ... خەڵات رزگار

وەزیری خوێندنی باڵا
سەرۆكی زانكۆی سلێمانی
بەرپرسی كتێبخانەی گشتی زانكۆی سلێمانی
تكایە دەست لە كاربكێشنەوە

هەڵبژاردنی كۆمیتەی (16) ی ڕێكخستنی زانكۆ ئەگەر چی لە ناو خوێندكارانی زانكۆدا بە هۆی شكاندنی حەرەمی زانكۆوە دەنگۆیەكی زۆری دایەوە و خوێندكاران ریسواو شەرمەزاویان كرد، بەڵام بی گوێدانە ئەتككردنی وانست و ئیفلیجكردنی ئەقڵی خوێندكار و شەرم نەكردن لە هەستی مامۆستا، هەڵبژاردنی خۆیان ئەنجام دا.

لە هەردوو ڕۆژی هەلبژاردنەكەدا من بەزەییەكی زۆرم بە زانست و مەعریفە و عەقڵی خوێندكار لە كوردستاندا و بە سەرۆكی زانكۆو بەرپرسی كتێبخانەی زانكۆ دەهاتەوە، هەر ئەمەش وای لێكردم خامەم بخەمە سەر كاغەز.

زانكۆكان لە هەموو جیهاندا شوێنێكی موقەدەسی مەعریفی و ئەكادیمیە بۆ كەس و حیزبێك نیە حەرەمی زانكۆ بشكێنێت و مەهزەلە بە عەقڵی خوێندكاری زانكۆوە بكات، بەڵام لەم كوردستانە شازەی ئێمەدا هەموو شتێك شازە، هەڵبژاردنی شاز، حیزبی شاز، زانكۆی شاز، بەرپرسی شاز، لەبەر ئەوەی هیچ یاسایەك بەسەر شتە شازەكاندا تەتبیق نابێت هەر ئەمەش وای كردووە یاسای پاراستنی حەرەمی زانكۆ بەسەر كۆمیتەی (16) زانكۆدا تەتبیق نەبێت، هەر بۆیە لەكاتی هەڵبژاردنەكانیشدا نەمتوانی هەڵوێستێكی دیارو عەمەلیم هەبێت دژی ئەم ئەتككردنی زانكۆیەدا، بەڵام نەوەكو من بەڵكو خودی (د. عەلی سەعید) یش كە سەرۆكی زانكۆیە لە ئاست ئەم بی ئەخلاقاندن كردنە ناتوانیَت بلێت فز، بەڵام بۆ ئەوەی ویژدانی خۆم مورتاح بیَت و ئەوانەی دەرەوەی زانكۆش وەك من و هاورێكانم ئەو راستیە بزانن كە زانكۆی سلێمانیش وەكو تەواوی شوێنە حكومی و گشتیەكان دوور نیە لە دەست تێوەردانی حزبی، وە توشی چ ڤایرۆسێكی حیزبی كوشندە بوە، سەرەرای دەرچواندنی خوێندكارە حیزبیەكان و هەڤاڵانی كۆمیتەو قبوڵ خاس و لابردنی مامۆستای غەیرە حزبی دەسەڵات، دیسانەوە بەم هەڵبژادنەیان زانكۆو خوێندكار و مامۆستاكانیان دڵنیا كردەوە كە حزبیان تاجی سەرمانەو تا ئەوانیش مابن هیچ كەسێك دوور نابێت لە دەست تێوەردانی ئەوان.

لە هەردوو ڕۆژی هەڵبژردنەكەیاندا بی ئەوەی بڕیارێكی ڕەسمی تەنانەت بڕیارێكی لە قاڵبدراویش دەربكەن لە سەرتاسەری كۆلێژەكانی زانكۆدا دەوام ڕاگیرا، لە كاتێكدا بۆ هەردوو مەراسیمی ساڵیادی هەلەبجە 3\16 و ساڵیادی ئەنفال 4\14 قبوڵنەكرا دەوامی ڕەسمی رابگیرێت و خوێندكارانی كەس وكاری قوربانیان ساڵیادی لە ناوبردنی كەس و كاریان بكەنەوە، سەرەرای ئەوەش تەواوی هەڵبژاردنەكە لە كتێبخانەی گشتی زانكۆدا كرا، كە ڕۆژی یەكەم تا كاتژمێر 7 ی ئێوارەو ڕۆژی دووەم تا كاتژمێر 9 ی شەوی خایاند، لەو كاتانەدا ڕۆژە ئاسایەكانی زانكۆم بیركەوتەوە كە كاتژمێر 12 ی نیوەڕۆ دەرگای كتێبخانەیان دادەخست.

ئەگەر یەك تۆز بیر بكەینەوە دەزانین چەندە گوناحە ئەو بەرپرسەی دەسەڵاتی نیە، چەندە داماوە ئەو سەرۆكەی كۆنترۆڵی دەستی مەڵبەندێكە، چەندە گێللە ئەو وەزیرەی كارتۆنیە، بۆیە داواتان لێدەكەم بەرپرسی كتێبخانە، سەرۆكی زانكۆ، وەزیری خوێندنی باڵا، دەست لە كار بكێشنەوە بۆ ئەوەی چیتر وەكو ڕۆبۆتێك بە كار نەهێنرێن بۆ یاریكردن بە عەقڵ و هەستی خوێندكار Xalat_rzgar@yahoo. com